بەهۆی هەڵەی تەکنیکیەوە
چاوپێکەوتنەکەی عوسمان کێمنەیی
لەت دەبێت، داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەین

## لە پشدەرو بتوێن

# کچان بۆ شووکردن واز لە خوێندن دەهێنن

راپۆرتی کوردستان رەسوڵ - رانیە



● لەنیا خدر تەمەن سیانزە ساڵ کە بەدزی مێردەکەی‌و بەناوی خوازراوەوە ئەم قسانەی بۆ کردم، وتی: "کاتێك کە دەچوومە بەر ئاوێنە، دایکم دەیوت بۆچی هێندە خۆت جواندەکەیت، ئەگەر بچوومایە بۆ لای برادەرەکانم بۆ خۆی لەگەڵم دەهات، تەنانەت نەمدەوێرا وێنەیەك بگرم یان داوای کڕینی جلوبەرگێکی جوان بکەم، زۆرجار خۆی لە برادەرەکانم توڕەدەکرد کە دەهاتن بۆ لام، پێیدەوتن هەر شتێکی خراپی کرد ئاگادارمبکەنەوە، جارجاریش بەباوکمی دەوت لێپرسراوێتی ئەم کچە لەمل ناگرم، ئەمانەو چەندین شتی تر کەناکرێت بوترێت، وایانلێکردم واز لە خوێندن بێنم‌و شووبکەم".

لەم دەڤەرەدا ریشەکانی خێڵەکی‌و عەشائیری ئەوەندە بەقووڵی رەگیان داکوتاوە، زۆر ئەستەمە لە سەردەمی ئەنتەرنێت‌و جیهانگیرییشدا بەئاسانی کرانەوەیەك ببینرێت، بەتایبەت بابەتی شەرەف ئەوەندە حەساسە کە خێزانەکان زۆر بەناسکی چاودێری کچەکانیان دەکەن‌و سانسۆریان لەسەر دادەنێن، ئەمەش یەك لەو هۆکارانەیە کە خێزانەکان دەیانەوێت کچەکانیان شووبکەن،

شیلان محەمەد قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی؛ وتی: "ماڵەوە چاودێری زۆریان لەسەر دانابووم، بە مامۆستایەکی خزمی خۆمانیان دەوت، ئاگات لێبێت‌و لە هەموو شتێکدا ئاگادارمانبکەوە، کاتێك ئەمەم دەبیست زۆر خەفەتم دەخوارد".

رەنگە هۆی تریش دەستی لەم دیاردەیەدا هەبێت، وەك؛ خەمخواردن لە پاشەڕۆژ، شوکریە سەعید ماوەیەکە شویکردووەو منداڵێکی هەیە کە پێشتر قوتابخانەی بەجێهێشتووە، ئەو بۆچوونی وابوو لەم دەڤەرەدا کوڕ زۆر کەمبووە، کچان کە داخوازیدەکرێن (بەتایبەت ئەوانەی کە زیرەك‌و جوان نین) یەکسەر دەڵێن باشە، ئەم هەلە لەدەست خۆمان نادەین، کێ دەڵێت خوێندنمان پێ تەواودەکرێت، یان کە تەواومانکرد کێ ناڵێت پیرنابین‌و کەس راز دەبێت پێمان".

رەسوڵ خدر 45 ساڵ، دوکاندار، لەمبارەیەوە بۆ لڤین دواو وتی: "کچ بریتییە لە شەرەف، تا زووتر مێرد بکات باشترە، بۆ کێ دەخوێنێت؟ ئەگەر مێردی پیاوبێت، دەیژێنێت، هیچ پێویستناکات پارە بۆ مێردی پەیدابکات"، بەڵام پورە ئەستی کە بە قسەزانیی ناسراوە، بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو، ئەو پێیوایە زۆر هەڵەیە کچ لەم تەمەنەدا شووبکات، خوێندن تەواوبکات باشترە، هەم داهاتووی باشتردەبێت لە رووی دەستکەوتنی مێردەوەو هەم لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆتردەبێت".

ئەحمەد عوسمان مامۆستای ناوەندی، دیاردەکە بەشێوەیەکی تر دەبینێت‌و وتی: "قۆناغی ناوەندی زۆر ناسکە، چ کوڕ چ کچ، کۆمەڵێك گۆڕانکاریی خێرای تێدا روودەدات چ لەبارەی دەروونی یا لەباری سۆزو بایەلۆجییەوە وەك پێگەیشتنی ئەندامی زاوزێ‌و زاڵبوونی لایەنی سۆز بەسەر عەقڵدا کە وادەکات کچ بڕیاربدات شووبکات‌و نەخوێنێت".

زۆرجار ئەم کچانە پاش شووکردن پەشیماندەبنەوە؛ کاتێ ژیان لە خەیاڵەوە دەبێتە واقیع. ناهیدە حەسەن پاش ئەوەی خوشکەکەی لە پۆلی یەکەمی ناوەندی شوویکرد، ئەمیش بەهەمانشێوە شوویکرد، بەڵام ئێستا زۆر پەشیمانە، خۆی دەڵێت: "لە خانووی کرێدا‌ین، مێردەکەم لەگەڵم باش نییەو زۆر توڕەیەو تەنها زمانی شەق دەزانێت، سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش ناتوانێت بەباشی بمانژێنێت، بۆیە دەڵێم خۆزگە ئەو کاتەی ئەڵقەی دەستگیرانیم دەکردە دەست، هەر ئەوکاتەش مردبام".

وەنەبێت کچە شووکردووەکان هەموویان وەك ناهیدە بیربکەنەوە، شوکریە کە منداڵێکی چاوگەشی هەیەو لە مەتبەخ خەریکی چێشتلێنان بوو کاتێك ئەو قسانەی کرد، وتی: "زۆر دڵخۆشم مێردم باشەو هەم ئیشی باشی هەیە، لە ماڵی باوکیشم تەنها قسەم پێدەگوتراو دەیان چاوم لەسەربوو، ئیدی بۆ پەشیمانبم".

مامۆستا مستەفا بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدابۆ لڤین دواو وتی: "من پێموایە زیاتر باری کۆمەڵایەتی دەور دەبینێت لەم بابەتەدا بەتایبەت هەندێ خێزان دەڵێن تا زووتر لەکۆڵمانبێتەوە، باشترە".